# هەوڵ بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ لە سەردەمی دووای 7ی ئۆکتۆبر

## لوقمان ڕادپەی

ژووری هزری کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Forum)

ئۆکتۆبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

**کوردستان وەک دەوڵەتێکی پراگماتیکی لێدێت کە بەدووای بەرژەوەندی هاوبەش، پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بازرگانی دەگەڕێت.**

ســاڵێک دووای هێرشی حەمــاس بۆ سەر ئیسرائیلْ لە 7ی ئۆکتۆبــری 2023، ئێستا هێڵە ئــایدیالۆژیکەکان ڕوون بــووەنەتەوە. ئیسرائیلْ وەکوو تەنیا لیبراڵ دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســتە کە بە تەنیایی ڕووبەڕووی ئەو هێزانە وەســتاوە کە پــاشکەوتــنخوازن. نــاوچەکە بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری، پەرەپێدان بە بایەخە دێموکراتیکەکان و بەرپرچدانەوەی سەرهەڵدانی دەسەڵاتخوازیی، پێویستی بە ستراتژییەکی نوێیە. کورد بە تێڕوانینێکی لیبراڵەوە و پابەندی بە بنەما دێموکراتیکەکان، جەوهەری چارەسەرییەکی جێگیرە.

ژێئۆپۆلێتیکی ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســت ڕیشەی لەو پەیمانــانەدا هەیە کە زیاتــر لە یەک سەدە لەمەوپێش واژۆ کراون. ڕێککەوتنی ســایکس-پیکۆ-ســازونــوف (1916)، پەیمانــنامەی سیڤێر (1920)، پەیمانــنامەی لۆزان (1923)، سیستمی سەرپەرەشــتی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە سەرجەمیان کوردیان لە بەرچــاوو نەگــرت. جیا لە پەیمانــنامەی سیڤێر، ئەم ڕێککەوتــننامــانە، دانینان بە مافەکانی خەڵکی کوردا بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ نەنا. کوردەکان لە لایەن ڕژیمە سیاسییە یەک لە دووای یەکەکانەوە ڕێگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان کرا؛ هەر بۆیە چەندین جار شۆڕشیان هەڵگرساندوو و لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ خەبات و تێکۆشانیان کردووە. بڕیاری ســتالین بۆ نەهێشتنی کوردســتانی ســوور (Krasnyi Kurdistan) و هەروەهــا لکانــدنیان بە ئــازربــایجان و دوورخســتنەوەی کورد، بــوو بە هۆی قۆنــاخێکی نــوێ لە مێژووی درێژی ئــاوارەیی و سەرکوت بۆ ئەم نەتەوەیە. بە هەمــان شێوە لە ئێرانیش، ڕژیمی پەهــلەوی کۆمــاری کورتــماوەی

کوردستانی لە دێسامبری 1946 بە شێوەیەکی دڕندانە لە ناو برد و لە دووای ئەوەش ڕێبەڕانی ئەو بزووتنەوەیەی لە سێدارە دا.

نکۆڵی سیستماتیک لە بە فەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد، ناسەقامگیری و ئاژاوەی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژە پێداوە. دابەشکردنی کوردستان بزوێنەرێکی جدی بووە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەروەهاش قووڵترکردنەوەی ناکۆکییەکان و ئێستاش لاوازی ئاسایشی ناوچەیی لێکەوتۆتەوە. ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا، بە بێ گرنگیدان بە تێچووی مرۆیی، چنگیان لە سنوورەکانیان گیر کردووە، لە هەمانکاتیشدا جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاک دەکەنەوە بە پشتبەستن بە یاسای نێونەتەوەیی. پەنابردن بۆ یاسای نێونەتەوەیی لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە پێشێلکاری مافی مرۆڤن، نیشانەی دوو ڕوویی و گاڵتەجاری ئەوانە بۆ خنکاندنی ئاواتەکانی کورد.

ئەم وڵاتانە و دراوسێکانیشیان زۆربەی جار دەڵێن فراوانخوازیی کوردەکان دەبێتە هۆی لێکترازان و نەبوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا. ئەوان تۆمەتی ئەوە دەبەخشنەوە کە بەردەوام دەڵێن درووستبوونی هەر کوردستانێک دەبێتە "ئیسرائیلی دووەم". ئەمە بەراوەردێکی فریودەرە؛ ئیسرائیل نە ئایدیالۆژیای خۆی بردووەتە دەرەوەی سنوورەکانی و نە گروپی چەکدار و میلیشیایی لە وڵاتانی ناوچەکەدا درووست کردووە. کوردستانیش دەبێتە دەوڵەتێکی پراگماتیک کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بازرگانی، مامەڵە دەکات و پەیوەندی درووست دەکات. نە خواستی پانخوازی و نە دەمارگرژیی ئایینی نابنە بزوێنەری دەوڵەتی کوردی. ئەمە مۆدێلێک لە حوکمڕانی لیبراڵ، ڕکابەری ئابووری و هاوکارییە، نەک دەزگای درووستکردنی دووبەرەکی یان توندڕەوی.

ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: ئایا سەربەخۆیی کوردستان ئاشتی و ئەمنییەتی نێونەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە یان بە پێچەوانە، ئەوە نەبوونی کوردستانێکی سەربەخۆیە کە ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات؟

لە ناوچەیەک وا بە دەسەڵاتخوازیی، دژە-لیبراڵیزم و مەیلی ئایینی شکڵی گرتووە، کوردستانی مۆدێرن و سەربەخۆ تەنیا ئاواتی کورد نییە بەڵکوو ئەمە پێویستی ستراتژیکە بۆ ئاشتی بەردەوام لە ناوچەکەدا. کوردەکان شایستەیی خۆیان وەک هێزێکی سەقامگیربەخش سەلماندووە، داعەشیان تێکشکاند و لە بەرانبەر ئایدیالۆژیا پاوانخوازەکان بەرگری دەکەن. ئەوان پێشەنگی شۆڕشی ژینا -ژن، ژیان، ئازادی- لە ئێراندا بوون؛ بزووتنەوەیەک وا لە بەرانبەر دیکتاتۆری و سەرکوتی ئێرانییەکاندا وەستایەوە.

لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ململانێی زۆرتر نزیک دەبێتەوە، کوردستانی سەربەخۆ دەتوانێت وەکوو قەڵایەکی بەرگریکەری لیبراڵیزم و مۆدێرنیتە لە ناوچەکە کار بکات؛ ناوچەیەک وا هێشتاش گیرۆدەی سێکتاریانیزم و دیکتاتۆرییە. هەر دوو بەشی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ڕۆژاوا لە سوریا، لە ئێستادا خاوەن توانست و پێداویستییە زاتییەکانی دەوڵەتبوون بۆ بنیاتنانی وەها داهاتوویەکن؛ لە هەمانکاتیشدا کوردەکان لەم دوو ناوچەیەدا چاوەڕوانی ئەم ئەگەرەن کە هاوچارەنووسەکانیان لە ئێران و تورکیاوە لە کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆدا بچنە پاڵیان.

داڕێژەرانی سیاسەت لە خۆرئـاوا بە جێی وەرگـرتنی پـرۆپـاگـانـدای دیکتاتۆرانی نـاوچەکە دەبێت پـرسیار بکەن: ئـایا ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت بە بێ ئـاوا هێزێکی پێشکەوتـنخواز بـوونی دەمێنێت کە داهاتووی خۆی بەرەو ئاشتی و سەقامگیری دابڕێژێت؟

---

سەرچاوە:

https://www.meforum.org/mef-observer/the-push-for-sovereign-kurdistan-in-the-post-october-7-era

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە سکاتلەندە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نـووسەری کتێبی "بەرەو کوردسـتانێکی سەربەخۆ: مـافی چـارەیخۆنـوسین لە یاسـای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابـردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسـایی پـرسی کوردسـتان و ڕەهەنـدە یاسـاییە نێونەتەوەییەکانی مـافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.